# غەمگینییەکانی کەمانچەژەنەکە

**چیرۆك/**

**هێمن مەحمود**

هەموو ئەو قسانەی کردمان هیچ نەبون جگە لە خۆشەویستییەکی بیٚ مانا..

هیچ شەوێك بەقەدەر ئەم شەوە بیرم نەکردویت و هەستم بەبونی تۆ نەکردوە لە ڕۆحمدا ، ویستم هەموو ئەو قسانە هەڵگرم بۆ بەیانییەکی سارد، بەیانیەك بەرلەوەی لەدەرگای سەرەکی کۆلیژەکە بچینە ژورەوە بتگرم و پرپەدڵ ( بەترسیشەوە ) پێت بڵێم منت خۆشدەویٚ ، یان پێت بڵێم چەندێك خۆشم دەوێیت .

بەڵام حەیف ..ساڵەهایە من چاوەڕوانی ئەو بەیانیە دەکەم کە نایەت ، دێت بەڵام من زاتی قسەکردنم نیە ، زاتی قسەکردنم هەیە کەچی ئەو بەیانییە پشوی ڕەسمی‌یە ، هیچ کامیان نیە و کەچی هەرلەخۆمەوە حەزی قسەکردن یان خۆشەویستی دەربڕینم نیە .

هیچ کاتێك وەك ئەم ساتە لە دڵەوە حەزم لەوە نەبوە کە گوێم لەدەنگت بێت ، جارجاریش سەیرکردنی ئەو پێکەنینانەی کە بەشەرمەوە چاوی لەگەڵدا دەجوڵێنی .

چەند جار پێم دەوتی لە نێوان خۆشەویستی و خۆشەویستییەکی تردا خۆشەویستییەکی ترهەیە ، لەنێوان مردن و مردنێکی تردا جۆرە مردنێکی دیکە هەیە، لەنێوان من و تۆدا من و تۆیەکی دیکە هەیە،

تۆ دەمکوژی و ڕۆژێك چیە بە تۆ ناگەم ، یان ڕاستر لە خۆشەویستی تۆ ناگەم .

کاسێتێك لەسەر تەسجیلەکە ئیش دەکات و مۆسیقارێکی گەنج بە کەمانچەکەی دەستی ئاوازێك دەچرپێت کە هەموو بێدەنگی ئەم ژورەی تێکشکاندوە، مۆسیقارێك پێدەچێت دڵێکی بریندارى هەبێـت و بیەوێت بە خەمناککردنی دڵی ئێمە غەمگینی دڵی خۆی بشارێتەوە .

من و ئەو ساڵانێکی درێژ لەدورەوە سەیری یەکتریمان کرد ، نیگامان دەگرتە یەکتری و کەسیشمان قسەیەکمان نەکرد ، هەرگیزیش نەمانکرد .

من هەموو شتەکانی ئەوم خۆشدەویست ، پێکەنینەکانی ، بێدەنگیەکانی ، سەیرکردنە کورتەکانی ، بێتاقەتیەکانی ، ئەو جلە سەوزانەش کە هەموو جار لە جوانیەکانیدا دەیکردە بەری ، تەنانەت ئەو مۆتەیەش کە هاوینان دەیخوارد .

ئەو خزمانەشی کە دەمناسین و ئەوانەشی کە نەمدەناسین ، تەنانەت باخچەکەی بەر ماڵیشیان .

چەندەها شەو بەدیار خەیاڵەکانمەوە دادەنیشتم و نەمدەزانی چیت بۆ بنوسم ، چۆن بنوسم ، چۆن ئەو هەستە گەرمەم بخەمە سەر کاغەزێك و لە شەوێکی هاوینی خۆشدا دور لەتۆ بیانخوێنمەوە ، یان هەندێك شەرمت لێنەکەم و بەیانیەکی زستان لە ڕاڕەوی کۆلیژەکەدا بتدەمیٚ و هیچ قسەیەك نەکەم ،تەنها بۆ ئەوەی بزانیت چەندێك خۆشم دەوێیت .

چیم دەنوسی ؟

هیچم بۆ نەدەنوسراو ئەوەشی دەمنوسی لە داخانا پارچە پارچەم دەکرد ، وەك دڵی پارچە پارچە بوی خۆم .

( هەندێك لەو نوسینانەی لە بێتاقەتیدا نوسیومن و بە سوتفە ماونەتەوە)

"شەوێك "

– گەر بڕیاربێت یەکجار کەسێکم خۆشبوێت هەتاوەکو مردن ..ئەوە تۆیت ..تۆیت و کەسی دیکە نا..

ئەمشەویش وەك هەزارەها شەوی پێشوتر و شەوی پاشترەوە دەمزانی چی لەدڵمدایە ، بەڵام بە زەحمەت بۆم خرایە سەرکاغەز ، دواجار بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ کۆتایی هاتنی عەشقی من و تۆشدا کۆتایهاتنی دونیای من و تۆش دەست

پێدەکات ،دونیایەک کە پێدەچێت تاوەکو مردن باجی هەڵەکانی خۆمانی تیادا بدەین ، ئەو هەڵانەی کە نەبەدەستی من بوو نە بەدەستی تۆش .

–تەنهام و تاقەتی خەوتنم نییە ، زۆر هەوڵ ئەدەم کە زۆر کاریگەریت لەسەرم نەبێـت ، کەچی تۆ لە هەموو شوێنێکی ژورەکەدایت ، لەنێوان ئەو دێڕانەشدایت کە دەیخوێنمەوە ، دەزانی چەندێک دونیای منت داگیرکردوە .

"نیوەڕۆیەک"

– دڵم خۆشە کاتێک دەتبینم هێشتا لە تەنیشتمدا دانیشتویت و گوێ لە وانەکە دەگریت ، من دڵم لای تۆیە و مامۆستا هەرچی دەڵێت بۆ خۆی باس دەکات ،بەڵام کاتێک جانتاکەی دەستت حازردەکەیت بڕۆیتەوە دڵم تەنگ دەبێـت ، حەزناکەم هیچ ڕۆژێک وانەکان تەواوبێت ، ئایادەزانی دڵی من چۆنە بۆ تۆ ..

– پێکەنینم دێت ، مامۆستاکە غیابات دەخوێنێتەوە ، ئایا ئەوە دەزانێ کە من چەندێکە لە دڵی تۆدا غایبم .

" نیوەڕۆیەکی تر "

– ئەمڕۆ کە ڕوخسارتم بینی بەو بێتاقەتیەوە وامدەزانی ئەم دونیا گەورەیە ڕوخاوە بەسەر دڵی مندا ، چ شتێکی نەعلەتیە تۆی بێتاقەتکردوە و وەک جاران سەیرکردنەکانت نەماوە ،کە بێدەنگانەش بەتەنیشتمەوە دادەنیشیت دەڵێی دڵم پارچە پارچە دەکرێ و خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕوات ، خوێنی خوشویستن و بیرکردنی تۆ .

– لەهەرکوێیەک بیت هەستت پێ دەکەم ، تۆ لەدڵمایت ، لە شوێنێکی قوڵی وەها کە هیچ کەسێک پێی ناگات، بە قەدەر هەموو دونیا خۆشم دەوێیت و بۆ ساتێکیش چیە لێم جیانابیتەوە .

" شەوێکی باراناوی "

– باران دەبارێت و من بیری تۆ دەکەم ، ئەوە چ دڵێکە هەتە کەوا بەرگەی ئەو هەموو بێدەنگیە کوشندەیە دەگرێـت ،چ دڵێکە کەوا جێگای ئەو هەموو خۆشەویستییەی منیش ، لە پەنجەرەکەوە سەیری ئەو دڵۆپە بارانانە دەکەم کە زۆر بەخێرایی دێنەخوارەوە و بەو زەوییەدا دەکێشن ، دەڵێی بە دڵی منیشدا دەکێشن و هێدی هێدی نوقمی خۆیانم دەکەن ، لەبیرتە جارەکە لە ژێر دارەکە وەستابویت و باران نەیدەهێشت لە شەقامەکە بپەڕێتەوە ، من لەو بەرەوە سەیرم دەکردی و حەزم دەکرد ببم بە چەترێک و بەسەر خۆتمدا دەیت ، تۆ هەمیشە چەتری من و من هەمیشە چەتری تۆ .

– ئەوەندە بەس بوو کە ئەمڕۆ بە چاوەکانت پێت وتم خۆشم دەوێیت .

– ڕۆژێکی خۆشبو ، لە خۆشیاندا ئەمڕۆ خەوم لێ نەکەوت .

مۆسیقارە گەنجەکەماندوبوە و دڵی من لە بیرکردنی تۆ ماندو نابێت ، کاسێتەکە ئەمدیو و ئەودیو دەکەم ، غەمناکانە وەک دڵی برینداری خۆم و خۆی کەمانچەژەنەکە دەست دەکاتەوە بە بڵاوکردنەوەی غەمگینیەکەی .

بەیانیەکی زوو بێ هیچ خۆ حازرکردنێک لەبەر دەرگای کۆلیژەکەدا گرتم ،لە هەموو ئەو کتێبانەی لەسەر خۆشەویستی خوێندبومەوە و هەموو ئەو قسانەشی کە عاشقێک سەرەتا بۆ مەعشوقەکەی دەکات هیچم وەبیر نەهاتەوە .

لەبەر دەرگاکەدا گرتم و گوتم زەحمەت نەبێت دەتوانیت سەیرێکی ئەو لاپەڕانەبکەیت کە بە خەیاڵی خۆم ڕەشم کردونەتەوە ، هیچی نەوت ، پەڕەکانی لێ وەرگرتم و خستیە جانتاکەیەوە .

" چەند بەشێکی تر لەو نوسینانەی بۆ ئەوم نوسیون و ئەو نەیبینیون "

"شەوی دوای ئەو بەیانییە "

– کە نوسراوەکانت لێ وەرگرتم و خستە جانتاکەوە هەستمکرد ئەوە منم دەڕۆمە جانتاکەتەوە، ئەوە منم حەزم لێیە لەگەڵتابم ، چەند خۆشبەخت بوم لەگەڵ تۆدا بوم ، ئەو ماوە کورتە چۆن تێپەڕی ، حەزم دەکرد قسەیەک بکەیت کەچی هیچت نەوت ، پێکەنینێکی کورت و سوربونەوەیەکەی درێژ ، دڵم بە دڵی تۆ وە هەڵواسراوە ، جابۆیە دڵێکی جوانت هەیە .

– ئەگەر دڵم خۆشبێت ئەوە لەدڵخۆشی تۆوەوەیە ، وەگەر بیاقەتیش بم ئەوە تۆ بێتاقەتیت ، ئایا هەست بە ئازاری ڕۆحی من دەکەیت کە چۆن ڕۆژانە دەمکوژێت و لەناوم دەبات .

–ئێستا کاتژمێر 3 شەوە زۆر زۆر بیرت دەکەم ، هەموو شەوێک ئەم کاتانە خەمی ئەوەمە کەی بەیانی بێت و ڕۆژبێتەوە بتبینم .

"عەسرێک"

– ئەم عەسرە زۆر دڵم تەنگە ، کە لەکۆلیژگەڕاینەوە یەکسەربیرم کردیت ، ئەم دڵەی من بۆ وەهایە ، بەیانیان بەیەکەوەین ، عەسران خەونت پێوەدەبینم ، شەوان بەدیارتەوە دادەنیشم ، تێرت لێناخۆم ،حەزدەکەم هەموو کاتەکان لەگەڵ تۆدا بم ، ئەو کاتانەشی بە یەکەوەین هێند خێرا تێدەپەڕێت چێژت لێنابینم ،عەسرێکی بێ تامە و دڵم خەریکە هەلاهەلا دەبێت بۆت.

" بەیانیەکی زوو "

– دونیا زۆر ساردە ، دەزانی بیرکردنەکانی من هیچ پەیوەندییەکی بەکاتەوە نییە، هەر لەئێستاوە خەمی ئەوەمە کەی لەکۆلیژ بتبینم ، ئەم چەند کاتژمێرە کەمەم بەچەند سەدە لێ دەڕوات ،حەزم دەکرد بزانم تۆش وەهایت .

"شەوێکی زۆر درەنگ "

– ئەمڕۆ بێتاقەتت کردم ، نازانم لەلایەک حەزدەکەم هەموو ناخی خۆتم بۆ بکەیتەوە ، کەچی لەلایەکی ترەوە حەزدەکەم هەر بەو بێدەنگیە بمێنیتەوە ، لێت تێدەگەم ، بەڵام کێشەم ئەوەیە دڵم بەرگەی ئەو هەموو بێدەنگی و خۆشەویستسە ناگرێت ، هەرچیت بۆ باسکردوم خۆم دەزانم ،خۆشم نازانم چی دەکەم ، بەڵام دەزانم تۆم خۆشدەوێت .

– خەوم لێناکەوێت ، بیرکردنی تۆ وەختە بمکوژێ ، چیت بۆ بنوسم ، یان چۆن لەگەڵتا بدوێم ، لەکوێ وە دەستت پێ بکەم لە کاتێکدا لەهەرکوێ وە دەستت پێ بکەم هەردێمەوە بۆ لای تۆ ، حەزم لە جوانیەکەتە ، کە دەڵێی پەڕەی گوڵێکی بایەک هێدی هێدی ماچت دەکات .

نەمدەویست هیچ کاتێک لە کیسم بچیت ، ساڵەهای ساڵیش هەوڵی ئەوەم ئەدا لەکیسم نەچیت ، یان ڕاستر لەبیرم نەچیت ( لەبیرم نەچویت ) ، دەموت تۆ میهرەبانی ئەم دڵەی منی هەتاوەکو مردن ( کە ڕەنگە ئێستا بێت یان سەدەیەکی دیکە ) .

بیرت دەکەم و دەیوت ..دەیوت چی ..

لەپشتی کاسێتێک کە لەڕارەوەکەی کۆلیژدا دای پێم نوسیبوی :

بۆ تۆ ..ئەوەی کە لەدوای ڕۆشتنیشم هەر خۆشی دەوێم ..

" عەسرێک دوای ئەوە "

– تا ئەو ساتانەش کە بەیەکەوە بوین وامدەزانی بۆ ئەبەد هی منیت ، من خاوەنی تۆم یان تۆ خاوەنی من گرنگ نیە ، پێدەکەنین و جاروباریش شەڕمان دەکرد ، بەڵام کە ئەو کاسێتە ( خۆشەویستە ) نەعلەتیەت داپێم و نوسینەکەم خوێندەوە لەیەک ساتدا هەستم کرد ئیدی تۆم بۆ ئەبەد ونکردوە ، ونکردنێک کە مەحاڵە جارێکی دیکە دۆزینەوەت ،دڵم تەنگە ، پێشتر کە لەگەڵتابوم وامدەزانی هەموو دونیا هی منە ، بەڵام کە ڕۆیشتیت ئیدی دونیای من هەرەسی هێنا و ڕوخا .

دەزانی ژیان بێ تۆ جەهەنمە ، جەهەنمێکی بە ئازار و نەبڕاوە .

" شەوەکەی "

– ئەوە کاسێتەکەت ئیش دەکات ، ئەو کەمانچە ژەنە حەزینەی هەردوکمان بەیەکەوە خۆشماندەویست ،ئەوەتا دەستی کردوە بە ژەنینی غەمگینی دڵی خۆی ، نازانم چیمە ، لەوەتەی ڕۆشتویت لەم ژورە نەعلەتیە نەڕۆشتومەتە دەرەوە و قسەم لەگەڵ کەسدا نەکردوە ، هەموو وێنەکانم بەتەیشتی خۆمدا ڕیزکردوە ، ئەوەتا بە جلە شینەکەتەوە لە ڕاڕەوەکەدا بەتەنیشت منەوە وەستاوی و بە چاوێکی کراوە و دڵێکی پڕ لە پرسیارەوە لە کامیراکە دەڕوانی ، دەبێت بیرت لەچی کردبێتەوە ..

بیردەکەمەوە چ ڕۆژانێکمان بەسەربرد و چ زوش بەو ئاسانیە تێپەڕین ، میهرەبانەکەی دڵی من ئەو ڕۆژانە چ ئازارێکی خۆشیان جێهێشت و چ وێرانەیەکیان لە ڕۆحی من و تۆ دا دروستکرد .

ئەوەتا هەموو وشەیەکی ناسکی تۆ و سەیرکردنە خۆشەویستەکانی تۆم لەیادە ، هەموو توڕەبونە جوانەکانیشت .

لەم شەوەدا چیت بۆ بنوسم کە پیری وازمان لێناهێنێت و بەرەو مردن ڕاپێچمان دەکات .

میهرەبانەکەی دڵی من ، لەم شەوەدا کە ژیانی من بەرەو کۆتایی دەڕوات و بەسەر قەرەوێڵەکەوە ئەو ئازارە نەفرەتیەی هەناوم ( دڵم ) وازم لێناهێت ، بیرت دەکەم .

ئەمڕۆ کە دکتۆرەکە بەو شێوەیە سەیری کردم زانیم کۆتایمە .

کۆتایی هەموو شتێکم .

هەمو ئەو قسانەی کە کردیشمان هیچیان مانایەکیان نەبوو ،دەڵێی دوو غەریبەشین بەیەکتری .

هەمو سەیرکردنە شەرمنەکانی ناوهۆڵ و هەموو پیاسەی ڕاڕەوەکەش ..

بێ مانا بون هەموو داواکارییە سادە و ئاسانەکانی تۆ و هەموو بێسەروبەرییەکانی دڵی من و خۆشەویستیە قورسەکەم کە تەنها تۆ دەتوانی هەڵی بگریت .

چەندێک خۆشمویستی ، چەندێک خۆشت ویستم ( بەدرێژای هەموو تەمەن ) .

ئەمشەویش ئەم ئازارە نەیهێشت هیچی دیکەت بۆ بنوسم ،ماندوبوم لە بیرکردنت و چیدی نوسین بەهانامەوە نایەت .

میهرەبانەکەی دڵی من خۆت وتەنی ئەو بێسەروبەریانەی دڵی خۆمم بۆ کردی بە چیرۆکێک لە کاتێکدا میهرەبانەکەم، تۆ جگە لە سێبەرێکی نەبینراوەی دڵی خۆم ، سێبەرێکی بە ئازار ، سێبەرێک کە هەمیشە بە شوێنمەوەیت ، زیاتر هیچی دیکە نیت ..

هاوینی 2005

دربندیخان